# خۆکوشتنی کچێکی تەمەن 17ساڵ لە ئەرکەوازی( خانەقی )

سەلام عەبدوڵلا

ئیمرۆ، وەك هەر رۆژێکی تری پڕ نەهامەتی ژنان، لە کاتژمێری نزیك 11ی نیوەڕۆ لە ئەرکەوازی، رەغەد جەلیل( تەمەن17ساڵ ) بە هۆی کاروباری ناوماڵ کە ببوو بە هۆی تەقینەوەی گرفتەکان لە نێو خۆی و باوك و برا گەورەکەی، بە فیشەکی دەمانچەی برا پۆلیسەکەی، خۆیی کوشت.

شایانی باسە کە پێش چەند مانگێك، کچێك خۆیی سوتاند... برایەك، خوشکەکەی خۆی کوشت و لە گەڕەکی کرێکاران، باوکێك سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی کۆمەڵکوژ کرد. هەر وەك هەموو سوج و قوژبنێکی جیهان و هەموو رۆژ و ساتێك، تاونبارەکان پیاون و قوربانیان ژنان و کیژان

ئایا ئەوە چ فشارێکە وای کردبێ بە کچێکی تەمەن 17ساڵ، خۆکوژی بکات؟ ئایا دەسەڵات لە کوردستانی فیدالّدا، هیچ بەرپرسیارییەکی هەیە لە ئاستی ئەم جۆرە کارەساتانە؟!

بێ گومان دەسەڵات وئەریتی باوکسالاری و ئاینە نێرینە "پیرۆزە" بالأدەستەکانیان، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدارن لەم تاوانانە. هێشتا لە کوردستانی"ئازاد"دا، دەسەڵاتدارەکان لەلانی کەمەوە پەییان نەبردووە بە دامەزراندنی خانەی پاراستنی ژن و کیژان لە ئاستی قەزا و شارۆچکەکان(( لە خانەقی ئەم خانەیە دانەمەزراوە )) بۆیە رێژەی ئەم جۆرە کارەساتانە هەر زیاد دەبنەوە.

ئەوە سیستێمێکە، رەغەد و دەستە خوشکەکانی، لە رابردوو و داهاتوودا ناچاریان دەکات پەنا بۆ خۆسوتاندن و خۆکوشتن ببەن!

2006/5/19